هیوادار نییم هیچ کەسێک بە ئاسانی بمرێت پاش ئەوەی سەختی مردنی پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «هیوادار نییم هیچ کەسێک بە ئاسانی بمرێت پاش ئەوەی سەختی مردنی پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

عائیشە دەڵێت: دڵخۆش وهیوادار نییە هیچ کەسێک بە ئاسانی بمرێت، پاش ئەوەی سەختی مردنی پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم-، ئەوەی زانی کە سەختی وناڕەحەتی سەرەمەرگ نیشانەی خراپی دوا ساتەکانی ژیان - سوء الخاتمة- نییە، وئاسانی مردن نیشانەی ڕێزلێگرتن نییە لەو بەندەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بووایە ئەوا پێغەمبەر - صلى الله عليه وسلم- لە هەموو کەسێک ئاسانتر دەمرد، بۆیە خەفەتبار مەبە کاتێک کەسێک تووشی سەختی وناڕەحەتی دەبێت وبەو حاڵەتە دەمرێت، ودڵخۆش مەبە بەوەی کەسێک حاڵەتی سەرەمەرگی ئاسان بێت ولەسەر ئەو حاڵەتە بە ئاسانی دەمرێت، ئەمە باسی ئەوەیە کە لەبەرچاوماندا ڕوودەدات؛ وباسی شێوازی ڕۆحکێشانی فریشتەکان نییە چونکە لە فەرموودەی تردا هاتووە فریشتەکان ڕۆحی ئیماندار بە ئاسانی دەردەهێنن لە لاشەی وڕۆحی بێباوەڕ بە سەختی دەردەهێنرێت لەو لاشەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10979